# حوکمی وەرگرتنی غەرامە ئەگەر هاتوو کرێچی دواکەوت لە پێدانی کرێکەی

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## موحەمەد صاڵح المنجد

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# يشترط غرامة تأخير إذا تأخر المستأجر في دفع الإيجار

« باللغة الكردية »



## محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب





ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

## حوكمی وەرگرتنی غەرامە ئەگەر هاتوو كرێچی دواكەوت لە پێدانی كرێكەی

**پرسیار :** من لەئەمریكا دادەنیشم، وشێوازی بەكرێ گرتنی خانوو و شوقە لێرە ئەوەیە كە سەرەتای هەموو مانگێك كرێكەت بدەیت بەخاوەن خانووەكە، بەڵام ئەگەر هاتوو دواكەوتیت لەدانی كرێكەت لەكاتی دیاری كراوی خۆیدا، ئەوە خاوەن خانوەكە لەبری ئەو دواكەوتنە پارەیەكی زیاترت وەك غەرامە لێدەسێنێت، جا هەندێك جار بڕی ئەو غەرامەیە لە گرێبەستی بەكرێگرتنەكەدا دیاری دەكرێت، پرسیارەكەی منیش ئەمەیە : ئایا ئەم غەرامە زیادەیەی كە باسكراوە دەچێتە چوارچێوەی سوود ( ڕیبا ) وە ؟ وە ئەگەر من هەموو مانگێك لەكاتی خۆیدا بەبێ دواكەوتن كرێ خانوەكەی خۆمم داو غەرامەم هیچ نەهاتە سەر، ئایا مانای ئەوەیە من هەر دەكەومەوە ناو سوود و( ڕیبا ) ی حەرامەوە ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە .

**یەکەم :** هەرکەسێك خانوویەك بەکرێ بگرێت، وگرێبەستەکە لەنێوان کرێچی و خاوەن موڵکدا ئیمزا کرا و تەواو بوو، ئەوە خاوەن موڵك ئەو بڕە پارەیەی کە لە گرێ بەستەکەدا هەردوولا ڕێکەوتون لەسەری ودیاریان کردووە هەقی ئەوەی هەیە وەری بگرێت ومافی خۆیەتی، بەڵام بەو مەرجەی ئەگەر هاتوو کرێچیەکە توانی سوود لەو موڵکە بەکرێ گیراوە وەربگرێت، واتە : بۆ نموونە خاوەن ماڵ کلیلی ماڵەکەی تەسلیم بە کرێچیەکە کرد وهیچ ڕێگریەکیش نەبوو لە سوود لێوەرگرتنی، بەم پێیەش ئەو کاتە کرێی مانگانەی ئەو خانووە یان ئەو موڵکە دەکەوێتە ئەستۆی کرێچیەکەوە، ودەبێت بیدات بەخاوەن موڵك .

ابن قدامەی مەقدیسی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : « ولو أجر داره سنين بأجرة : ملكها من حين العقد ، وجرت في حول الزكاة ، وحكمها حكم الدين » [ الكافي بەرگی ١ / لاپەڕە ٢٧٩] واتە : ئەگەر هاتوو کەسیك خانوەکەی بۆ ماوەی چەند ساڵێك دا بەکرێ، ئەوە لەو کاتەی گرێبەستەکەیان ئەنجامداوە، خاوەن موڵك مافی ئەو کرێیەی هەیە بەسەر کرێچیەکەوە، وهەر لەو کاتەشەوە زەکات لەو ماڵەدا واجب دەبێت ئەگەر ساڵی بەسەردا هاتەوە، چونکە حوکمی ماڵی قەرزی هەیە .

بۆیە هەر لەبەر ئەمەش : ئەگەر هاتوو ئەو کرێیە بە گرێبەستەکە واجب بووە بۆ خاوەن موڵك، لەو کاتەوە ئیتر ئەوە مافێکی خاوەن موڵکە و لەئەستۆی کرێچیەکەدایە، بۆیە دروست نییە بۆ خاوەن ماڵەکە هیچ مەرجێك لەسەر کرێچیەکە دابنێت، بەوەی ئەگەر هاتوو دواکەوت لە پێدانی کرێکەی لەکاتی دیاری کراوی خۆی، کرێیەکی زیادەی لەسەر دابنێت

وەك غەرامەی دواكەوتن، چونكە ئەم زیادەیە دەچێتە چوار شێوەی سوود ( ڕیبا ) وە كە خوا و پێغەمبەرەكەی (صلى الله عليه وسلم) حەرامیان كردووە، چونكە ئەو كرێیە قەرزە لەسەر كرێچییەكە، وهەر قەرزێكیش زیادە بەدوای خۆیدا ڕابكێشێت ئەوە سوود و (ڕیبا ) یە، وەك زانایان فەرموویانە : « كل قرض جر نفعا فهو ربا » .

**دووەم :** ئەگەر هاتوو لەناو گرێبەستەكەدا ئەوە بەمەرج گیرا بوو لەكاتی دواكەوتنی پێدانی كرێكەدا كرێچی دەبێت بڕێك پارە وەك غەرامەی دواكەوتن بدات بەخاوەن ماڵەكە، ئەوە ئەو گرێبەستە بەگرێ بەستێكی حەرام دادەنرێت، هەرچەند ئەو كرێچیە زۆر لەخۆیشی دڵنیا بێت هەموو مانگێك لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا كرێكەی دەدات بەخاوەن ماڵەكە، چونكە لەسەرەتاوە ڕێكەوتن لەسەر گرێبەستێك كە سوود و( ڕیبا ) ی تێدایە، و هەردوولا دانیان ناوە بەوەی پابەند دەبن پێوەی،

چونکە هەندێك جار مرۆڤ لە دەرەوەی توانا و دەسەڵاتی خۆی کارێکی وای بۆ پێش دێت کە نەتوانێت لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەو کرێیە بدات بەخاوەن ماڵەکە، بۆ نموونە جاری واهەیە مرۆڤ لەبەر نەخۆشیەك یان سەفەرێکی کتوپڕ ناتوانێت لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا کرێ خانوەکە بگەیەنێت بە دەستی خاوەن ماڵەکەی، بۆیە ئەم مەرجە لەسەرەتاوە لە گرێبەستەکەدا هەردوولایان ڕیکەوتوون لەسەری وا دەکات کە ئەو گرێبەستە حەرام بێت.

خوای گەورە زانا وشارەزاترە .